کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18-5-2007 15:29

**Martyr Aram Organization for Civic Culture Development**
**Main Office / Sulaimany**

**ڕێکخراوی شەهید ئارام بۆ گەشە پێدانی کلتوری مەدەنی**
**ئۆفیسی گشتی / سلێمانی**

**No.**
**Date : / / 2007**

(AO CCD)

**ژمارە /**
**بەروار: / / 2007**

## پەیامێک لە ڕێکخراوی شەهید ئارامەوە بۆ پارلەمانتار سۆزان شیهاب نوری

سڵاو ... خاتوو سۆزان

ئێمە و تۆ کوڕ و کچی یەك خاك و ئاوین، ئێمە و تۆ هەڵقوڵاوی یەك خەم و ئازارین، ئێمە نەوەی ئەو شەهیدانەین کە خاڵە شیهاب سەرقافڵەیانە، ئەو دوێنێ وێنەی سەربەرزی و قارەمانی لە مێژودا تۆمار کرد، ئەمڕۆ تۆ درێژە بەو خەبات و تێکۆشانە دەدەیت کە شیهاب و هاوڕێکانی بۆیان نەگەیشتە مەنزڵ، تۆ دایك و خوشکی میهرەبانی ئێمەی، تۆ کچی ڕۆژانی نەهامەتی خێزانەکەتی ئێمەش لەم گوند بۆ ئەو گوند، لەم شار بۆ ئەو شار ڕاوەدو دەنراین، تۆ قارەمانی پارلەمان و ئێمەش ڕۆڵەیەکی بێ کەس و بی نازی ئەم کوردستانەین.

تۆ ئەمڕۆ نوێنەری ڕاستەقینەی گەل و نوێنەری نەوەی شەهیدانی لە پارلەمان، باش دەزانین ئەوەی لای تۆ نەخێرە تاسەر نەخێرە. سڵاو لە دڵسۆزیت، سڵاو لە خاکی بونت، بریا هەمووان وەك تۆ بونایە، بریا هەمووان وەك تۆ ڕۆژانی ڕەشی و نەهامەتیان لەبیر نەکردایە ...

ئێستا نەوەی شەهیدان شانازیت پێوە دەکەن، ئێستاش خوێندکارە مانگرتووەکان لە ڕێگەی ئێمەوە سڵاوت بۆ دەنێرن.

ئێمە دڵنیاین جگە لە تۆ کەسمان نیە شێلگیرانە پێداگری لەسەر مافەکانمان بکات، چونکە کەس نازی ئێمە هەڵناگرێت، جگە لەتۆ کەس لە ئازاری ئێمە تێناگات، کەواتە تۆ ئێمەی و ئێمەش تۆین چونکە لەخەم و ئازاردا هاوبەشین.

تەمەن درێژ بێت پاڵەوانی پارلەمان و خەمخۆری کەسوکاری شەهیدان، ئەی ئەو پارلەمانتارەی کە بە ئارەقەی ناوچەوانت نەهامەتیەکانی ژیان بەڕێدەکەیت و پۆست و پلەو پایەت بە خۆت حەرام نەکردووە، ئێمەی نەوەی شەهیدان شانازیت پێوە دەکەین، وەك چۆن کچی خانەوادەیەکی سەر بڵندی ئەم گەل و خاکەیت دڵنیاین بەسەر بڵندی ناوی تۆش تۆمار دەکرێت لە مێژوودا.

سەرکەوتوبیت...

**ڕێکخراوی شەهید ئارام / سلێمانی**

وێنە بۆ:

- دەرچوو
- ئەرشیف

ناونیشان:
هەرێمی کوردستان_عێراق / سلێمانی / خوار فلکەی ئاسکەکان تەنیشت دەزگای هاندانی وەبەرهێنان
ژ. ت: 07301099409 – 3124168 Email: aram_cc@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.